# Tekoshan No.123


The Organ of Central Committee The Organization Struggle of Kurdistan - Iran

Second Course Twenty Threeth Year Nomber ((123)) 30 of Banamar 2706 Kurdish Colemdar falling no 1386 Hijri I Falling 19th May 2007



**ئادرەسی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، لەسەر شەبەکەی جیهانی ئەنتەرنێت**

ئادرەسی سایتی ئەنتەرنێتی سازمان: http://www.sazmanikhabat.com کۆمیتەی ئافرەتانی سازمان: www.komitayafratan@yahoo.com

ئادرسی تێکۆشان لە سەر شەبەکەی جیهانی ئیبنترنێت http://www.sazmanikhabat.com/tekoshan.htm

Email: tekoshan20002003@yahoo.com

هەروەها، ڕادیۆ دەنگی خەباتی کوردستان بەشێوەی زەفت کراوی بەرنامەکانی لەسەر ئەنتەرنێت بڵاو دەکاتەوە، بەم ئادرەسە:

Email: dangikhabat2003@yahoo.com http://www.sazmanikhabat.com/radio.htm

Tel: ٠٠٨٨٢١٦٦٧٧٤٠٦٨٩ثریا - ٠٠٨٨٢١٦٦٧٧٤١٩٩٨ ثریا نوێنەری سلێمانی: ٠٧٣٠١٠٦٢٣٧٩ و ٠٧٧٠٣٥٦٢٨١٤

٠٠٩٦٤٦٦٢٥٢٩٥١٨ ئاریافون ـ – ٠٧٥٠٤٤٩٧١٣٨ كۆرڕك تیلكۆم – ٠٧٧٠١٤٨٩٠٨٤ ئاسیاسێل

Email:Sazmanikhabat@hotmail.com sazmanikhabat@yahoo.co.nz

Fax: ٠٠٩٦٤٦٦٢٥٢٩٥١٨ - ٠٠٤٤٧٠٦٩٩٢٩٥١٨

بۆ پێوەندی کردن بە نوێنەرایەتی هەولێر بەم ژمارە تەلفونی ٠٠٩٦٤٦٦٢٢٢٠٨٦١ و pewandi_hawler@yahoo.com


## دەرمانێکی تازە بۆ چارەسەری پووکیی ئیسقان

زانایانی نێودەوڵەتی دەڵێن دەرمانێکی کاریگەری تازەیان بۆ نەخۆشەکانی تووش بوو بە پووکی ئێسقان دۆزیوەتەوە.

نەخۆشی پووکی ئێسقان، سەلامەتی و ژیانی زۆربەی تەمەندارەکان دەخاتە مەترسیەوە. لە ئینگلستان نیوەی ئافرەتان و بیست لە سەدی پیاوانی پیر بە هۆی تووش بوون بە پووکی ئێسقان تووش شکاویی دەبن.

دوکتورەکان و لێکۆڵەرەوەکان لە بیست و حەوت وەڵاتی جیهان، سێ ساڵ لە ئەو دەرمانەیان تاقی کردۆتەوە کە ئاکامەکەی لە بڵاوکراوەی نیوئینگلەند Englandjournalof Medicine newبڵاوبۆتەوە.

لەو تاقی کردنەوەیە دا کە زانستگەی کالیفورنیا، ئاسان کاری بۆ کردوە، زیاتر لە حەوت هەزار و پێنج سەد ئافرەتی لە سەرووی ٦٥ ساڵی بەشدار بوون. دەرمانەکە لە ڕێگەی دەرزی لێدانەوە کە ناوی زولدرونیك اسید (zoledronic acid) لە نەخۆشەکان دەدرا و بە نیوەی دیکەی نەخۆشەکان شتێك بە ناوی دەرمانیان دەدرایە کە لە بنەڕتدا دەرمان نەبوو.

ئاکامەکان دەریان خست ئەو دەرمانەی کە لە ڕێگەی دەرزیەوە بە کار هاتبوو، مەترسی شکانی ئێسقانی سمت ( کلۆش ) ی تا چل لە سەد و ستوونی فەقەرات تا حەفتا لە سەد کەم دەکاتەوە.

زولدرونیك ئەسید، کە ناوی تجاری و بازرگانی ئەو دەرمانەیە، لەو نەوعە دەرمانانەیە کە دەبێتە هۆی پتەو بوونی ئێسقان.

ژمارەی ئافرەتانی تووش بوو بە پووکی ئێسقان لە وەڵاتانی جیهان بەرچاوە و نزیك بە ٣٣ لە سەدی ئافرەتانی بریتانیایی تووش پووکی ئێسقان بوون لە بەرانبەردا پیاوان هەشت لە سەد تووشی ئەو نەخۆشیە بوون.

لە هەمان کاتدا، بە هۆی پووکی ئێسقان لە بریتانیا رۆژی چل کەس دەمرن.

هەر چەند وا بیر دەکرایەوە کە پووکی ئێسقان یەكێك لە نەخۆشیەکانی دەورانی پیریە، بەڵام دەگوترێ کە تووش بوون بەو نەخۆشیە، لە تەمەنی لاوییەوە دەست پێ دەکا.

## هەڵوەشاندنەوەی کۆبوونەوەی کەلەپوور و ئەدەبیاتی کەلهوڕ لە کامیاران



وەڕێ خستنی نمایشی کەلەپوور و ئەدەبیاتی ناوچەی کەلهوڕ بەر لە وەڕێ خستنی لە کامیاران، هەڵوەشێندرایەوە.

ئەو کۆبوونەوەیە بە هەوڵ و ماندوو بوونی ئەنجومەنی فەرهەنگی ئەدەبی شیوا و بە مەبەستی ناسینی مێژووی فەرهەنگ و زمانی کەلهوڕیی و ناساندنی ئەو ئەدەبیاتە، قەرار بوو کە رۆژی ٥ شەممە ٢٧ بانەمەڕ وەڕێ بخرێ. دەگوترێ کە ئەو نمایشە لەلایەن ئیدارەی ئیرشادی رژیم لە کوردستان مۆڵەتی پێدرابوو بەڵام بە دەستێوەردانی دامەزراوە ئەمنیتیەکانی رژیم هەڵوەشێندرایەوە.

## دەست بڕینەوەی لاوێکی کورد لە کرماشان

رژیمی ئاخوندی بە تاوانی ئاژاوە نانەوە لە چوار ریبانی جەعفەر ئابادی کرماشان دەستی لاوێکی کوردی بە ناوی ئارەش لە بەر چاوی خەڵك بڕیەوە. دەسەڵاتداری رژیمی ئاخوندی بە شانازیەوە باس لە دەست بڕینەوە و چاو دەرهێنان دەکا و لە ماوەی دەسەڵاتی ملهوڕانەی ئەو رژیمە بە بەردەوامی چاوی مەحکوم کراوانی دەرهێندراوە و دەستی دەیان کەس براوەتەوە.

بە پێی هەواڵەکان لە ماوەی ڕابردوودا لە تارانیش دەستی دوو کەس بە ناوەکانی رەحمان و حەفیزیان بڕیوەتەوە.

## ڕاپۆرتی (ماڵی ئازادی) لە بارەی بارودۆخی ئازادی بەیان لە ئێران




(Freedom house)، دامەزراوەی ئەمریکای ناسراو بە ماڵی ئازادی لە راپۆرتی ساڵانەی خۆیدا لەبارەی ئازادیی بەیان لە جیهان، بارودۆخی ئێرانی لە روانگەی ئازادی رادەربڕینەوە بە خراپ دایە قەڵەم و ئەو وڵاتەی بە وڵاتی داخراو لە باری ئازادی رادەربرین ناساند. بە پێی ئەو راپۆرتە، ئەگەر وڵاتانی جیهان لە لایەنی ئازادیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بە حەووت پلە دابەش بکرێن، ئێران لە ریزی شەشەم دایە. ئەو دامەزراوە لە راپۆرتی خۆی بەبۆنەی رۆژی جیهانی ئازادی رەخنەی توندی لە کردەوەکانی رژیمی ئاخوندی لە مەر داخستنی سایتەکان و تۆمارکردنی ئەو سایتانەو گرتنی رۆژنامە نوسان و ویبلاگ نووسان و داخستنی رۆژنامەکان گرتووە. لەو راپۆرتە ئاماژە بەپێشوازی خەڵك لە سایتەکانی ئینترنێت و شەبەکەی ماهوارەیی (سەتەلایت) رادوێی و تەلەفزیۆنی کە لە دەرەوەی ئێران بۆیان بڵاودەکرێتەوە. لە راپۆرتی (خانە ئازادی دا هاتووە: کە دانانی ماهوارە قەدەغەیە، بەڵام ژمارەیێکی بەرچاو لە خەڵك کەڵکی لێ وەردەگرن و لە گەڵ دەسەڵاتی ئەو وڵاتە تووش گێرەو کێشە دەبن. بە پێی ئەو راپۆرتە کەڵك وەرگرتن لە ئینترنێت لە زیاد بون دایەو نزیك بە حەوت ملوێن ئێرانی واتە دە لە سەدی خەڵکی ئێران دەستیان دەگاتە ئینترنێت و وە لەو سایتانەدا بابەت و وتارگەلێکی وەها بڵاودەکرێتەوە کە لە لایەن رژیمەوە یاساغەو دژ بە دیکتاتۆران و دەسەڵاتخوازانە. خانەی ئازادی لە ساڵی ١٩٤١بە دەستی (النور روزولت)، هاو سەری سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکاو( ندل ویلکی نیزسکی) دامەزراوە کە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا، رکابەری فرانکلین روزولت بوو. ماڵی ئازادی کە دامەزراوەیێکی سەربەخۆ و غەیرە دەوڵەتیە بە ئامانجی پەرەپێدانی ئازادی رادەربرین لە جیهان و پشتیوانیکردن لە ئازادی دامەزراوە.

***

## دووی بانەمەری ١٣٥٩، رۆژێکی شومە لە مێژووی زانستگاکانی ئێران



بەهاتنە سەرکاری رژیمی خومێنی و شکڵ گرتنی نیزامی ویلایەتی فەقێ، چەند گۆرانێك لە ئێران هاتە ئاراوە کە بوونە بەر بەست لە بەرانبەر ئازادیە فەردیی و کۆمەڵایەتیەکان و هەتا ئێستاش خەڵك بە دەستیانەوە دەناڵێنێ. یەکێ لەو گۆڕانانەی کە ڕژیم بەزۆری هێزو محدود کردنی فەزای کۆمەڵگەبەسەر خەڵکی داسەپاند شۆرشی بەناو فەرهەنگی بوو. شۆرشی فەرهەنگی کەبە کودتای خومێنی ناسراوە لە رۆژی دووهەمی بانەمەڕی ساڵی ١٣٥٩ پیادە کراو کاریگەری زۆری لە سەر وەزعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلەپووری خەڵك دانا. دووی بانەڕی ساڵی ١٣٥٩ لە مێژوی ئێراندا بە رۆژێکی ڕەش و پڕکارەسات و سەرەتایی خەفەقان و نەهێشتنی ئازادی لە کۆمەڵگە بەتایبەت زانستگا دێتە ئەژمار کە لەو رۆژەدا شورای انقلاب بەحوکمی خومێنی جەللاد سێ رۆژی بۆ هێزو جوڵانەوە سیاسیەکان دانا کە زانکۆکان جێ بهێڵن وتەنیا باڵی سیاسی رژیمی ئاخوندی نەبێ. ئەوە بوو کەبەهۆی ئەو بڕیارەوە کە سەراپا دژی هەر یاساو ریساییك بوو لە قانوونی خوێندن، توند و تیژی وئاڵوری لە زۆربەی زنستگاکان سەری هەڵداو بوە رەمزی خەبات وخۆڕاگری چینی جیاواز لە نیزامی ئاخوندی. پاکتاو کردنی بیری جیا لە شوێنە دەڵەتیەکان دابووە ئەمری واقیعی رژیم وبەبیانوی ئەوە کە زانستگا بۆتە سەنگەری نەیارانی رژیم و چەپەکان بەرنامەییکی لە پێشەوە دارێژراو تەنیا بە مەبەستی گۆرانی بێچمی خوێندن ولێك هەڵتەکاندنی شیرازەی خوێندن بوو لە زانستگاکانی ئێران. لە پێناو یەك دەنگ و یەك ڕەنگ کردنی زانستگا هەزاران مامۆستایی زانکۆو خوێندکار و رووناکبیر وەدەرنران وزانکۆ بەرەو وەزعێك بەرەو عیلمی دینی رێنوێن کرا. هاوبیرانی خومەینی کەدژی ئازادی و دیموکراسی و هەڵبژاردن بوون بە قبوڵ نەکردنی ئاکامی هەڵبژاردنی شورای سینفی خوێندکار کە پاش شۆڕشی ئیسلامی ئەنجام درا. ماهیەتی دژە ئازادی و هەڵبژاردنی دیموکراتیکیان بۆ جەماوەر باشتر دەرکەوت. خومێنی و هاوکارە جینایتکارەکانی لە زانستگادا دەنگیان نەبوو وە لە کەمینەدا مابونەوە بەهەڵکوتانە سەر خوێندنگاکان و پیادەکردنی شۆڕشی فەرهەنگی و گۆڕینی شێوەی خوێندن، زەربەییکی گورجو بڕیان لە پەیکەری زانست وەشاند کە تا ئەمرۆ درێژەی هەیەو شوێنەوارەکانی بۆ دەیان ساڵی دیکە دەمێنێتەوە. بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئامانجە شومەکانیان لە زانکۆکانی ئێران دا، دەیان ڕێکخراوی سازمان دارویان وەکوجیهادی دانشجویی وحراستی زانستگاو بەسیجی زانستگاو مەکتەبی نوێنەرایەتی لە زانستگادا دامەزراندو پاکتاو کردنی بیری جیاو نەهێشتنی فەرهەنگی جیا لەفەرهەنگی رژێمیان کردەبناغەی کاریان لە زانستگاکان دا. بەمیلتیارێزە کردنی زانستگا. و هەوڵدانی بۆ لە ناوبردنی، سەنگەری ئازادی، مەکۆی رابوان و ماف ویستیان بەرەو لاوازی ملی لێ ناو بۆ ماوەییکی کاتی رژیم دەستی لێ کردن بەسەرین. بەڵام خوێنکارانی ئازادیخواز، پێشڕەوانی کۆمەڵگەی ئێران پێك هاتە شکێنیان کردو قاڵبی چەق بەستوی رژێمیان لە زانستگادا شکاندو بە جۆرێك خستن و سازمان دانەوەی زانستگا، پێشەنگی موبارەزەیان لە ئێران گرتەوە دەست وپیلانەکانی رژیمیان پووچەڵ کردەوە. ڕاپەڕین و هاتنە مەیدانی دانشجویان لە ١٨پوشپەڕو خرۆشانی سەنگەری ماف خوازی خەڵکی ئێران و رووناکی دا بە شەوەزەنگ و زانستا جارێکی دیکە بوە وە بەمەیدانی بەربەرەکانێ لەگەڵ رژیم.

***

## ووتەی بەنرخ

هەرکەس ویستی کردەوەیەکی نامرۆڤانە ئەنجام بدات، بۆ پاکانە و دڵدانەوەی خۆی دەڵێت: هەرچێك بێ منیش مرۆڤم! (هاریس)

رۆژنامەنووسی راستەقینە وەك دکتۆری دڵسۆز، راستیە تاڵەکان دەرخواردی خوینەر دەدات تا لە نەخۆشی خەو راپەرێنێت. (د. ئەحمەد)

میلیۆنها ئینسان خوازیاری ئەوەن هیچ کات نەمرن، بەڵام ئەگەر دوای نیوەڕۆی رۆژیکی پشوو باران بباریٚ، نازانن چۆن کاتی خۆیان بەسەر بەرن و لە هەموو ژیان و دنیا بێزار دەبن. (سۆزان ئەرتز)

کاتێك مرۆڤ سەبارت بە لایەنگرای لە هەندێك بیروڕا، لە ژیان هەڵدەبڕێ و ناتوانێ ژیانی خۆی دابین بکات،ئاشکرایە کەشتێك بەناوی ئازادی بیرکردنەوە نی یە. (بیرتراند راسیل)

لە وەردە مەسرەفی بێ سوود خۆت بپارێزە، چونکە درزێکی بچووك هەم دەتوانێ ببێتە هۆی نقووم بوونی کەشتییەکی گەورە. (فرانکلین)

**((دەنگی خەباتی کوردستانی ئێران))**

دەنگی خەباتی کوردستانی ئێران،

دەنگی پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانە

دەنگی خەباتی کوردستان، هەموو ڕۆژێ بەرنامەکانی بۆ ماوەی سەعات و نیوێک،

یەک سەعات بە زمانی کوردی و نیوسەعات بە

زمانی فارسی، لە سەعاتی ٦/٣٠ بۆ ٨ی ئێوارێ بەکاتی تاران، لەسەر شەپۆلی کورت، ڕەدیفی ٧٣ میتر بڵاو دەکاتەوە. دەقی ئەو بەرنامە لەسەعاتی ٦/٥ بۆ ٨ی بەیانیی ڕۆژی دوایی سەرلەنوێ بڵاو دەکاتەوە.

## بڕوخێ ڕژیمی ئاخوندیی ئێران